**SORANI**

# کارکردن (ئیش کردن) له فینلاند

کاتێک بۆ کارکردن دێیت بۆ فینلاند، ئەو بابەتانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرە.




Ali

# پێش وەڕێ کەوتن بۆ فینلاند

## پێویست ناکات پارە بدەی بە کەسی میانکار

تۆ پێویست ناکات بە میانکارەکە (ئەو کەسەی کارەکەت بۆ ڕێک دەخات) یان بەو کەسەی بڕیارە کارەکەت پێبدات یان بە شەریکەکەیان هیچ پارەیەک بدەیت. بە پێی یاساکانی فینلاند نابێت لە هیچ قۆناخێک دا داوای پارە بکرێت و هەروەها دوای گەڕانەوە بۆ ماڵەوەش بارودۆخەکە ناگۆڕێت. تۆ تەنیا ئەو خەرجیانەی خوارەوەت دەبێت

- **پارەی فۆڕمی داواکردن**
- **پارەی پەیوەندیدار بە بەڵگەکان و**
- **بلێتی (تیکەتی) هاتن بۆ فینلاند.**

بەڵگەی هەموو خەرجییەکانت ڕاگرە.

## ڕێککەوتنی کار، موچە و شەرتەکانی کارەکە

پێش وەڕی کەوتنت لەوە دڵنییا بەوە کە ئەو کارەی بەڵێنیان پێت داوە  بە ڕاستی هەیە. ئەگەر لەوە دڵنییا نیت، پەیوەندی لەگەڵ نیزیکترین سەفارەتی فینلاند بگرە.

بۆ کۆنترۆڵ کردنی مووچەکەت و شەرتەکانی کار، تەماشای ئەو بابەتانەی خوارەوە بکە

- **ڕێککەوتنی کارەکەت**
- **ئەو پێشنیارە فەرمییەی بۆ کار پێت دەدرێت**
- **فۆڕمی TEM054**
- **فۆڕمی پاشکۆی plus_TY6 (کاری فەسڵێ واتا کاری وەرزی)**

موچەکەت دەبێ بەشی ژیان بکات. لە فینلاند خەرجی ژیان گرانە.

خاوەن کارەکەت ناتوانێ دواتر ڕێککەوتنێکی خراپتر بۆ ڕێک بخات. موچەکەت و بەرژەوەندییەکانی کارەکەت دەکرێ باشتر بکرێن.

هەموو شەرتەکانی کارەکە دەبێ لە کاغەز یان بۆ وێنە ئیمێلدا بنووسرێن. هەموو کاغەزەکان و ئیمێلەکان هەڵگرە. ئەگەر دواتر ناکۆکی دروست بێت، پێویستت بەوانە دەبێت.

# کاتێک هاتی بۆ فینلاند

## ڕێککەوتنی کار و دەستپێکردن بە کار

دوای ئەوەی لە فینلاند مۆڵەتی نیشتەجێ بوون (ئیقامە)، بەڵگەی کاری فەسڵی یان ویزای کاری فەسڵیت وەرگرت، دەتوانی دەست بە کارکردن بکەیت. ئەگەر بۆ ماوەی لانی زۆر سێ مانگ بۆ کار کردن دێیت، لەوانەیە پێویستیت بە مۆڵەتی نیشەتەجێ بوون نەبێت. لەو بابەتە لە ڕیگەی لاپەرەی ئیدارەی کۆچ و کۆچبەری دڵنیا بەوە migri.fi/en/work-without-residence-permit (بە ئینگلیسی).

لە فینلاند لەسەر بابەتی موچە و شەرتەکانی کار، سەندیکاکانی خاوەنکاران و کارگەران ڕێک دەکەون. ئەوان ڕێککەوتنی گشتی شەرتەکانی کار دەنووسن و لەو ڕێککەوتنەدا بۆ نموونە لەسەر کەمترین ڕادەی موچە و کاتەکانی کار دەسازێن. لە کاتی ئاسایی دا مووچەکە دەبێ لانیکەم 8 ئێورۆ لە کاتژمێرێک دا بێت. هەروەها لە کاتی ڕاهێنانی کار دا کەسەکە دەبێ موچەی پێبدرێت.

لە ناو ڕێنوێنی نامەی چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار، کە بە ناوی بوون بە کارگەری بیانی لە فینلاندە (Ulkomaalaisena työntekijänä Suomessa)، بە چەند زمانی جیاواز زانیاریی لەسەرشەرتەکانی کار لە فینلاند هەیە tyosuojelu.fi/work-in-finland.

خاوەنکارەکە و کارگەرەکەش ڕێککەوتنێکی تەواو (کامڵ، دەقیق) پێکەوە دەبەستن. وا باشە کە ڕێککەوتنەکە بە زمانێک بنووسرێت کە لێی تێدەگەیت. هەم خاوەنکارەکە و هەم کارگەرەکە دەبێ ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن. هەروەها ڕێککەوتنی زارەکیش، لایەنەکان بەرپرس بە پابەندبوون دەکات، بەڵام سەلماندنی ڕێککەوتنی زارەکی زەحمەتە.

هیچ ڕێککەوتنێکی کار یان کاغەزێک واژۆ مەکە کە لە ناوەڕۆکەکەی تێناگەی. لەسەر ئەو شوێنانەی بۆت ناڕوونن پرسیار بکە. ئەگەر ڕێککەوتنەکە بە شێوەی زارەکی دەبەسترێت، خاوەنکارەکە دەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر شەرتەکانی کارت بە نووسراوە پێ بدات. ئەگەر دوای داواکردنیش ئەو ڕوون کردنەوەت پێ نەدرا، پەیوەندی لەگەڵ چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار بگرە.

خاوەنکارەکەت دەتوانێ فۆتۆکۆپی لە پاسپۆڕتەکەت و مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت هەڵبگرێت، بەڵام ناتوانێ ئەوانەت لێ بستێنێت. دەتوانی خۆت پاساپۆرتەکەت بدەی بە خاوەنکارەکەت بۆوەی بۆت هەڵگرێت، بۆ نموونە ئەگەر بە هۆی مانەوەی بە کۆمەڵ وا پاساپۆرتەکەت پارێزراوتر دەبێت.


WORK CONTRACT
38h/week
2200€



## ماف و ئەرکەکانی خاوەنکار و کارگەر

وەک کەسێکی بیانی تۆ لە کاردا ماف و ئەرکەکانت هەر وەک کەسێکی فینلاندییە، هەرچەند ئەگەر مۆڵەتی نیشتەجێ بوونیشت نەبێت.

لە فینلاند چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار چاوەدێری شوێنی کارەکان دەکات. هەر کاتێک لە شوێنی کارەکەت تووشی گرفت بویت، دەتوانی لەگەڵ چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار پەیوەندی بگریت. بۆ نموونە ئەگەر موچەیەکی ڕادە بەدەر کەمت پێدرا یان ئەگەر کارەکەت مەترسیدار بوو. ئەگەر بتهەوێ، دەتوانی بێ ڕاگەیاندنی ناویشت پەیوەندی بکەیت.

دەتوانی ببی بە ئەندامی سەندیکا و دوای چەند مانگێک ببی بە ئەندامی سندووقی بێکاری. ئەگەر هاتوو بێ کار بیت، سندووقی بێ کاری پارەی ڕۆژانەت پێ دەدات. ئەگەر لە گەڵ خاوەن کارەکەت تووشی کێشە بوویت، سەندیکا دەتوانێ یارمەتیت بدات.

خاوەن کارەکەت دەبێ ئاگاداریی تەندروستیی کارەکەت بکات. دەبێ تۆ لەسەر بارودۆخی شوێنی کارەکە، فەرمانەکان و ئامێرەکان ڕێنوێنی بکرێی. هەروەها لەبەر ئەگەری ڕوودانی کارەسات دەبێ تۆ بیمە بکرێیت.

کاتی کار کردن لە فینلاند لانی زۆر 40 کاتژمێر لە حەفتەیەک دایە. هەموو ئەو کاتەی لە شوێنی کارەکەتی بە کار کردن دا دەنرێت، هەرچەند کڕیار یان کاریشت نەبێت. تۆ هەموو حەفتان ڕۆژی پشووت هەیە، واتا بێ ڕۆژی پشوو کار ناکرێت. هەروەها لە کاتی کار کردن دا پشووی ساڵانەت بۆ کۆدەبێتەوە و لە کاتی ئەو پشوویە دا موچەت پێدەدرێت.

تۆ تەنیا ئەو کارە دەکەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا دانراوە. یاسا و ڕێککەوتنەکان فەرمانی ئەوە دەدەن کە بۆ ئەنجامدانی کاری زیادی دەبێ خۆت ڕەزایەت بدەیت. کاتێک کەسەکە کاری زیادی کرد، دەبێ ئەو کارە زیادییەی بە پێی ڕێککەوتنەکەی بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. بە وردی چاودێریی ئەوە بکە کە موچەی هەموو ئەو کاتژمێرانەی کارت کردووە وەرگری. وا باشە کە هەروەها چاودێری ڕادەی ڕۆژەکانی پشووشت بکەیت.

هەموو ڕۆژێک ئەو کاتژمێرانەی کارت کردووە لە دەفتەرێک یان تەلەفۆنەکەت دا بنووسە. هەروەها دەتوانی وێنەی  لیستی نۆرەی کارەکەت بگریت کە کاتژمێرەکانی کارکردنی لێ نوسراوە. لەوانەیە دواتر پێویستیت بەو زانیارییانە بێت.

کەس ناتوانێ تۆ مەجبوور بە پەیوەندی سێکسی یان ئەنجامدانی تاوان بکات. هەڕەشە کردن و توندوتیژی لە شوێنی کاریش تاوانن. کاتێک لە کار نیت مافی بە ئازادی هاتوچۆ کردنت هەیە.

ئەگەر هەڕەشەیان لێ کردی، بڕۆ بۆ شوێنێکی پارێزراوی دەرەوەی شوێنی کارەکەت و تەلەفۆن بۆ هێڵێ فریاکەوتن واتا 112 بکە. ئەگەر لە فینلاند مۆڵەتی نیشتەجێ بوونیشت نەبێت یارمەتی دەدرێت.

## حیسابی بانک و دانی موچە

لە فینلاند موچە لە ڕێگەی حیسابی بانکەوە دەدرێت (بۆ نموونە دەکرێ لە کاتی ئەنجامدانی کاری فەسڵی موچە بە دەستیش بدرێت). حیسابی بانک تایبەت بە کەسەکە خۆیەتی. کەس مافی بەکار هێنانی حیسابی بانکی یان کارتی بانکی تۆی نییە.

تۆ دەبێ هەر جارەی موچەت پێدرا بەڵگەی پێدانی موچە وەرگریت و بەڵگەکە ئەو بابەتانەی خوارەوە نیشان بدات

- **مووچە (و چۆن مووچەکەت پێ دراوە)**
- **پارەی کاری زیادی**
- **بەرژەوەندییەکان (بۆ نموونە شوێنی مانەوە)**
- **باج**
- **ئەو خەرجیانەی تری یاسا دایناون**

خاوەنکارەکەت ناتوانێ لە موچەکەت خەرجییەکی کە لە یاسا دا نەبێت بگێڕێتەوە. خاوەنکارەکەت ناتوانێ موچەکەت یان بەشێکی موچەکەت لە حیسابی تۆ ڕا بگوازێتەوە بۆ حیسابێکی تر.

ئەگەر دوای داواکردنیش خاوەنکارەکەت بەڵگەی وەرگرتنی موچەی پێنەدای، پەیوەندی بە چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کارەوە بگرە.



## ئەگەر بارودۆخت گۆڕا

ماوەیەکی گونجاو پێش تەواوبوونی کاتی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت، داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە بکە. بەڵگەی داواکردنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونە نوێیەکەت و هەروەها کاتێک پێت درا مۆلەتە نوێیەکەی نیشتەجێ بوونت بە خاوەنکارەکەت نیشان بدە.

بە ئازادی دەتوانی دەست لە کارەکەت هەڵگریت. لە کاتی ئاساییدا 14 رۆژ پێش دەست هەڵگرتن لە کار دەبێ ئەوە بە خاوەنکار ڕابگەیەنیت. دواى دەست هەڵگرتن لە کار ئەگەر کارێکی نوێت یان هۆکارێکی ترت بۆ مانەوە لە فینلاند نەبێ ، مۆڵەتی نیشتەجێ بوونەکەت کۆتایی پێدێت. لە کاتی ئاساییدا ئەگەر شوێنی کارەکەت گۆڕا، شوێنە نوێیەکەی کارت دەبێ لە هەمان بواری پیشەیی دا بێت. ئەگەر بوارە پیشەییەکەت گۆڕی دەبێ داوای مافی نیشتەجێ بوونێکی نوێ بکەیت.

ئەگەر خاوەنکارەکەت پابەندی یاساکان یان ڕێککەوتنەکان نەبوو پەیوەندی بە چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار بکە. ئەگەر لە شوێنی کارەکەت بەرامبەرت تاوان ئەنجام دەدرێت، دەتوانی لە هێڵی تەلەفۆنی قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە 177 463 295 358+ یان لە ڕێگەی لاپەڕەی ئینتێرنێتییەکەیانەوە (ihmiskauppa.fi/en) داوای ڕێنوێنی بکەیت. لەو بارودۆخانەدا بە ئەگەرێکی زۆر مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت بەردەوام دەبێت و دەتوانی کار بۆ خاوەنکارێکی تر بکەیت.

ئەگەر هەست دەکەیت کە بوویت بە قوربانی تاوان پەیوەندی بە پۆلیسەوە بگرە (ژمارەی فریاکەوتن 112). هەروەها دەتوانی لە ڕێگەی ئیمێلەوە پەیوەندی بە ئێشکگریی قوربانیانی تاوانەوە بکەیت (help@riku.fi) و تەلەفۆن یان کورتەنامەیان بۆ بنێری (تەلەفۆن 9293 632 040).

لە لاپەڕە ئینتەرنێتییەکانی ئێشکگریی قوربانیانی تاوان و قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دا دەتوانی بە زمانی خۆت بنووسیت یان وەرگێڕ یارمەتیت دەدات. بێ مۆڵەتی خۆت کەس لە پەیوەندی کردنەکەت ئاگادار ناکرێتەوە.

## زانیاریی زیاتر لەسەر مافەکانی کارگەر لە فینلاند

**ئانیمێیشن (بە چەندین زمان):**
riku.fi/en/various+crimes/labor+exploitation

**ئیدارەی کۆچ و کۆچبەری:**
ڕێنوێنی و زانیارییەکانی پەیوەندی بە زمانەکانی فینلاندی، سویدی و ئینگلیسی:
migri.fi/en/problems-at-work-

**چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار:**
ڕێنوێنی نامەی بوون بە کارگەری بیانی لە فینلاند بە چەند زمانی جیاواز:
tyosuojelu.fi/work-in-finland

هێڵی تەلەفۆنی ڕێنوێنی چاودێریی فەرمیی تەندروستیی کار 0295 016 620،
tyosuojelu.fi/web/en/home

**ئێشکگری قوربانیانی تاوان:**
riku.fi/laborexploitation ، تەلەفۆن 040 632 9293

**سیستەمی یارمەتی دانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە:**
ihmiskauppa.fi/en ، تەلەفۆن +358 295 463 177

**هێڵێ ڕێنوێنی پەیوەندی کارییSAK :**
tyoelamanpelisaannot.fi/en ، تەلەفۆن 0800 414 004

## ڕەقەمی گشتی فریا کەوتن لە فینلاند: 112

RIKU

RIKOSUHRIPÄIVYSTYS
BROTTSOFFERJOUREN

Ministry of Economic Affairs
and Employment of Finland